کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 1:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پرۆژەی ئاشتی ناخەوە (بەرێگرتن لەوزەی توندوتیژی لە کارمادا) ... مەهاباد قەرەداغی - بەشی یەکەم

پێشەکی:

دەنگوباسەکانی جیهان لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە توندوتیژییە پیادەکراوەکان دەگێڕنەوە و پیشانی دەدەن. لە هەموو جێگایەک توندوتیژی هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەیشتوەتە ئاستێکی بڵند و لە عێراقیشدا گەیشتوەتە لوتکە.



لە عێراقدا، بە تایبەت لە چل ساڵی ڕابردوودا هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە تاکەکەس و گروپەکان ئەنجام درا و کۆمەڵکوژییەکانیش لە هەرە ترسناکترین جۆرەکانی توندوتیژی بوون کە ڕژێمی ئەوسا پیادەی دەکرد. لە دوای ڕوخانی ڕژێمیشەوە نواندنی توندوتیژی بە جۆر و شێوازی تر هەر بەردەوامە.

توندوتیژی وزەیەکی نێگەتیڤە و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، وای لێهاتووە لەو وڵاتەدا کە ناوی عێراقە تاقە وزەیەکی پۆزەتیڤ نەماوە و مرۆڤ ڕۆژانە لە ئاڵوگۆڕی وزەیەکی ڕەشە. مەخابن وا پێشبینی ناکرێت لە ساڵانێکی کەمی داهاتوودا توندوتیژی بنبڕ بکرێت، لەبەر هۆیەکی زانستی، چونکە توندوتیژی و تاوان بووە بە بەشێکی سەرەکی لە کارمای مرۆڤی عێراقی و وڵاتی عێراق. هەر خوویەکیش لە کارمای گشتی خەڵکی وڵاتێکدا جێگەی گرت، چارەسەرییەکەی ئاسان نییە. مەبەست لە کارما، ئەو کێڵگە ڕۆحییەی مرۆڤە، کە بەرپرسیارە لە دان و ستانی وزە و چەشنی کۆمپیوتەرێک هەرچی زانیارییە لەبارەی کار و ڕەفتاری هەر کەسێکەوە، تێیدا تۆمار دەبێت.

سروشتی وزە وایە کە دەسوڕێتەوە، دان و ستان دەکات، خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و کەم و زیاد دەکات. چ هی پۆزەتیڤ و چ هی نێگەتیڤ هەمان سروشتیان هەیە. لە عێراقدا زیاتر لە چل ساڵە کارمای مرۆڤەکان تژین لە وزەی نێگەتیڤ و یەک لە یەکتری وەردەگرێ و دەیداتەوە، لەم ئاڵوگۆڕەی نێوانیاندا تاوانی بچووک و تاوانی گەورە و گەورەتر و جاری واش هەیە کارەسات و مەرگەساتی زۆر ترسناک ڕوو دەدات. وڵاتێک کە لە ئاشتیدا بژی و ئاسایش تێیدا بەرقەرار بێت، خەڵکەکەشی جۆرەکانی وزەی پۆزەتیڤ و گەش بەرهەم دەهێنێ و لە ئاڵوگۆڕی ئەو وزەیەدا داهێنان و گەشەسەندن دێتە ئاراوە. کارمای مرۆڤەکانی وڵاتێکی لە ئاشتیدا سەقامگیر، کارمایەکی پاک و بێگەردە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی بەردەوامی ئاشتی و بەردەوامی گەشەسەندن و داهێنان و وەبەرهێنانی وزەی پۆزەتیڤ لەو وڵاتەدا بکات. ئەو وڵاتەشی کە شەڕ و ئاژاوە و نائارامی تێدایە، کارمای گشتی ئەو وڵاتە نێگەتیڤە و خەڵکێکی نائارام و ناڕازی و نابەختەوەر لەناویدا ئاڵوگۆڕی وزەی نائارامی دەکەن و بەردەوامبوونی ئەمەش بەمانای بەردەوامی شەڕ و ئاژاوەیە لەو وڵاتە.

باشووری کوردستان لە سەردەمێکدا کە کۆلۆنی عێراق بوو، وەک وڵات کارمایەکی نێگەتیڤی هەبوو. مرۆڤی کورد لەو دەمەدا دوو جۆر وزەی بەرهەم دەهێنا و دان و ستانی پێدەکرد. ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی سیستەماتیک نەفرەت و مەرگ و نەخۆشی و ترس و تۆقینی بۆ خەڵکی کوردستان دەنارد و کارمای مرۆڤی کوردی پڕ دەکرد لە وزەی ڕەش و نێگەتیڤ کە باری دەروونی و ڕۆحی خەڵکی کوردستانی وێران دەکرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە شۆڕش و پێشمەرگە و خەباتکردن لە پێناوی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لە لایەن هێزی ڕزگاریخوازی کوردەوە لە ئارادابوو، کە لە بەرامبەردا وزەی بەرگری و بەرەنگاری بۆ خەڵکی کورد دەنارد و ئەم وزەیەش لە بەشێکی دیکەی کارمای خەڵکدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جێگەی دەدرایە و جۆرێک لە هاوسەنگی بۆ دروست دەکرد. کارەساتەکانی وەکو ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کارمای هەموو مرۆڤێکی کوردیان تەواو ڕەش کردەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بە تایبەت تا ساڵی ڕاپەڕین کارمای مرۆڤی کورد بە گشتی بە وزەی ترس و تۆقین گەمارۆ درابوو. ڕاپەڕینی بەهاری 1991، کە کۆتایی بە بەشێک لە سیستەمی بەعس هێنا لە کوردستاندا، خۆشییەکی بێئەندازەی دروست کرد و بە لێشاو وزەی پۆزەتیڤ لە دەروونی مرۆی کورد هەڵدەقوڵی و لەدایک دەبوو. ئەم وزەیەش لە نێوان خەڵکدا دەسوڕایەوە و خۆی بەرهەم دەهێنایەوە. بە باوەڕی من لە سەرەتای ساڵی ڕاپەڕیندا کارمای مرۆڤی کورد تا ڕادەیەکی باش پاک بووەوە و جۆرە دڵنیایەک ڕووی لە دەروونی خەڵکی بەشی ڕزگارکراوی کوردستان. بەڵام کارەساتی کۆڕەوی بەسەردا هات و دیسانەوە کارمای گشتی خەڵکی کوردستان پڕ بووەوە لە وزەی ترس و تۆقین لە چەکی کیمیایی، بەڵام گەڕانەوەی خەڵک و دووبارە ڕاپەڕینەوە هاوسەنگییەکی لە کارمادا دروست کردەوە. ماوەیەک ئارامی و بوژانەوەی ئابووری و هەبوونی ئاسایش لە کوردستاندا وزەی باشی بەرهەمهێنا، بەڵام شەڕی ناوخۆیی سەرتاپای وزەکانی بە نێگەتیڤ گۆڕی و کاردانەوەی زۆر توونددوتیژی هەبوو کە تا ئێستاش شوێنەواری ماوە. پەیماننامەی ئاشتی نێوان حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان ڕێژەیەک دڵنیایی هێنایەوە و بەوەش دووبارە بڕێک وزەی پۆزەتیڤ دروست بووەوە، بەڵام چونکە هەموو ئەمانەی کە باسم کرد لە خۆوە ڕوویان داوە و بە بەرنامەوە کاری بۆ نەکراوە، بۆیە دوای کۆتاییهاتنی شەڕیش، لە کارمای گشتی خەڵکدا تارماییەکانی توونددوتیژی بە تەواوی نەسڕایەوە. سڕینەوەی وزەی توندوتیژی و تارماییەکانی بارودۆخە نائاساییەکانی هەر وڵاتێک پێویستی بە بەرنامەڕێژی هەیە لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوەو سەردارانی ئەو وڵاتەش پێویستە وەک پرسێکی گرنگ بایەخ و پێشترێتی بدەنێ، چونکە پرسێکی گرنگ و ژیانییە و ئەگەر دەسەڵاتێ مەبەستی بێت دواڕۆژ بباتەوە، پێویستی بەوەیە لە ئەمڕۆوە ڕووناکی لە دەروونی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بڕوێنێ و کارمای وڵاتەکە و تاکەکانی ئەو وڵاتە لە وزەی نێگەتیڤ پاک بکاتەوە.

ئەگەر باس لە وڵاتی عێراق بکەین و بە نیگایەکی دەروونناسیانە لە کارمای گشتی وڵات و مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە بڕوانین، تازە و دوای هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیکە لە دوای ڕژێمی بەعسەوە، کە ئەمانیش بە هەمان شێوە لە ئایدۆلۆژیای توونددوتیژییەوە ئیلهام وەردەگرن، چارەسەرکردنی نزیکترە لە مەحاڵەوە و هی ئەوە نییە تا ماوەیەکی درێژخایەن چاوەڕێی سەقامگیربوونی ئاشتی لێ بکرێت. بەڵام کوردستان جێگەی مەبەستی ئێمەیە و بە حوکمی دیفاکتۆ لە دوای ڕاپەڕینەوە وەک وڵاتێکی جیاواز لە عێراق بەڕێوە چووە و دەکرێ بە تایبەت و بە جیاواز باسی لێوە بکرێت و لە ڕووی دەروونییەوە بەرنامە بۆ ئاساییکردنەوەی دابنرێت. پێویستیشە هەموو بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ بە ئاراستەی ئاشتی و ئاسایکردنەوە و پاککردنەوەی کارمای مرۆڤەکان بە گشتی، لە لایەن بەڕێوەبەران و دڵسۆزانەوە بە هەند وەربگیرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پلانی عەقڵانییەوە کۆتایی بە کولتووری توونددوتیژی بهێنرێت.

پیادەکردنی توونددوتیژی بە تایبەت بەرامبەر بە کەسانی بێتاوان، بۆ نموونە کەلە کردارە خۆکوژییەکاندا سەدان کەس پێوە دەبن، یاخوود لەو ڕەشەکوژییانەی کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن، یان ئەو گەمارۆ دەروونییەی کە دەبێتە هۆی خۆکوشتن و خۆسوتاندنی سەدان ژن و دەیان گەنج، هەموو ئەمانە لەوێدا تەواو نابن کە مرۆڤە بێتاوانەکان دەمرن و لە گۆڕدەنرێن، بەڵکە ئەو تاوانانە لە شێوەی وزەی ڕەشی قەترانی لە نێو ئەو جوگرافیایەدا کە تاوانەکانی تێدا ئەنجام دراوە بەرهەم دێت و بە بەردەوامیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەڕوات و تاوانیش تاوانی دیکەی لێ دەبێتەوە. ئا ئەمەش بەهۆی ئەو سیستەمە سروشتییەوەیە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی وزەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ نموونە کاتێ کە لە دەڤەری شەنگالی سەر بە پارێزگای موسڵ، لە 7-4-2007، کچێکی عاشق (دۆعا) ی حەڤدە ساڵی لە لایەن سەدان گەنجی ئەو دەڤەرەوە بەردباران کرا و بە ئەشکەنجەیەکی بێ نمونە و بێ ئەندازەوە کوژرا بە تاوانی خۆشەویستی (کە ئەمە لە یاسای سروشتدا تاوان نییە، بەڵکە بناغەی ژیانە)، هەروەها وێنەی ئەو تاوانەش بە شێوەیەک بڵاو بووەوە کە ملیۆنان کەس بینییان، وزەیەکی ڕەش کە دەرهاویشتەی تاوانێکی گەورە بوو کە سەرپێچیکردنی یاساکانی سروشتە، لە دەڤەری شەنگالەوە بەرهەم هات و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو دنیای گرتەوە و ئەو وزە نێگەتیڤە بوو بە هۆی نوسینی هەزاران لاپەڕە، کە لە هەر وشەیەک لە وشەکانی ئەو نووسینانەوە وزەی خراپ لە شێوەی وشەی نێگەتیڤ و ئازاردەر و جنێو و تووڕەیی بڵاو بوونەوە. تەنها چەند ڕۆژێک دوای تاوانەکە، کە من ئەو فیلمی بەردبارانکردنەم بینی، بە خوێندنەوەی ئەو دۆخەی کە ستەمەکەی تێدا ئەنجام دراوە و ئەو دۆخانەی کە ئەم فیلمە دەیخوڵقێنێ، ڕەشبوونەوەیەکی تەواوی کارمای وڵاتەکە بە گشتی و ئەو دەڤەرە بە تایبەتیم هەست پێکرد و بینی، بۆیە بابەتێکم نووسی و تیایدا پێشبینی ئەوەم کرد کە ئەم تاوانە زۆر تاوانی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێشبینییەکەی من لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەو دەڤەرەدا سەرپێچییەکی یەکجار گەورە بەرامبەر بە یاسای سروشت کراوە و بە دڕندانەترین شێوە کەسێک لەسەر خۆشەویستی کوژراوە، بۆیە ئەم سەرپێچییە لە کارمای تەواوی خەڵکی ئەو ناوچەیە و ئەو وڵاتەدا تۆمار دەبێت و وزەی هەرە نێگەتیڤ بەرهەم دێنێ و هەر ئەم تەنیا وزە خراپەشە بۆ ماوەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕ دەکات لە نێوان هەموو خەڵکی و بە تایبەتیش خەڵکی دەڤەرەکە. ئەو پێشبینییەش هاتەدی و هێندەی نەبرد چەندین تاوانی گەورەی کوشتنی تاک و گروپ و تەقینەوەی گەورە لەو ناوچەیەدا ڕوویدا و لە ماوەیەکی کورتدا نزیکەی هەزار کەس بەکوشتن چوون، کە زۆربەیان هەر پەیوەندییشیان بە تاوانەکەی کوشتنی دۆعاوە نەبوو. لە هەر وڵاتێکدا وزەی نێگەتیڤ پەخش ببێتەوە، گوناهبار و بێگوناه پێکەوە دەسووتێن و دەبن بە قوربانی ئەو وزە نێگەتیڤانەی کە دەشێ لە سەرەتادا تەنها چەند کەسێک هۆکاری بووبن و بەو سوڕانەوە و ئاڵوگۆڕکردنە، هەزارانی دیکە وزەی ڕەش وەردەگرن و دووبارە دەیبەخشنەوە.

دکتۆر ن. لازرێڤ لە کتێبی (کارما) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم گەردوونە کۆمەڵێ یاسای سروشتی خۆی هەیە و ئەم یاسایانە ئەگەر پەیڕەوی بکرێن لە لایەن مرۆڤەوە، ئەوە مرۆڤ و ژیان و ژینگەکەی بە تەندروستی دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر سەرپێچی لەو یاسایانە بکرێت، ئەوە کارما پڕ دەبێت لە وزەی نێگەتیڤ و تاوان و خراپەکاری و گەندەڵی دروست دەبێت. بە پێی لازرێڤ سەد و هەشت یاسای جۆربەجۆر گەردوون بەڕێوە دەبەن و سەرپێچی کردن لە هەر یەکێ لەو یاسایانە باری مرۆڤایەتی لار دەکەنەوە. لازرێڤ (خۆشەویستی) بە یەکەمین و گرنگترین یاسای بەڕێوەبردنی گەردوون دەزانێ کە سروشت دایهێناوە. هەموو ئەوانی دی بە دووەمین دەزانێت. هەر بەم پێیە (کوشتنی خۆشەویستی) بە گەورەترین سەرپێچی یاساکانی سروشت و گەردوون دەزانێت. لە ئایینەکانیشدا جەخت لەسەر ئەوەیە کە کوشتنی مرۆڤ، گەورەترین گوناهە دەرهەق بە خوودا دەکرێت.

کوشتنی دوعا دەچووە نێو چوارچێوەی ئەم سەرپێچیکردنە لە یاسای سروشت و خودا، واتە کوشتنی خۆشەویستی و کوشتنی مرۆڤ. هیچ سەرپێچیکردنێکی یاسای گەردوونیش هەروا بە ئاسانی بەسەر مرۆڤدا تێناپەڕێ و بە پێی ڕێژە و ڕادەی سەرپێچییەکە لە سروشت و هێزی گەردوونەوە وەڵام دەدرێتەوە، بۆیە ئاسان بوو پێشبینی بکەین کە هەر لەو ناوچەیەدا نائارامی و بشێوی و تاوانی دیکە دەخوڵقێت، چونکە زەوی و ئاسمانی ئەو دەڤەرە جگە لەو وزەی توونددوتیژییە، تروسکاییەکی دیکەی تێدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە هەمان وزەی نێگەتیڤ سەرتاپای وڵاتەکەشی گرتەوە و ئەگەر ورد سەرنج بدەین دەبینین لەو ماوەیەدا لە هەموو کاتێکی تر تاوان و توندوتیژی لە سەرانسەری وڵاتدا زیاتر بوو. وزەی نێگەتیڤی توندوتیژی ڕێک وەکو پەتای کولێرا و گرانەتا و ئەنفلەوەنزای باڵندە و نەخۆشیەگوازراوەکانی دیکەیە، بەڵام ئەمیان کاریگەری ترسناکتری هەیە. ئێمە دەبینین کە باس لە پەیدابوونی نەخۆشی کولێرا دەکرێت، بەرپرسانی تایبەتمەند لە وڵاتدا دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشیە، یان بۆ بەرگرتن لە نەخۆشی هەندێ ڕێنومایی بڵاودەکەنەوە، بەڵام هەتا ئێستا کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە چۆن کارمای مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە لە ڤایرۆسی نادیاری پەتای توندوتیژی پاک بکاتەوە. ئەگەر کولێرا و ئایدز و گرانەتا میکرۆب و ڤایرۆسەکانی ناسراون و کاریگەرییان لەسەر باری فیزیکی و جەستەی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەمەی کە پەیوەستە بە توندوتیژییەوە لە کارمای مرۆڤدا جێگیرە و پەیوەندی بە باری دەروونی و ڕۆحی مرۆڤەوە هەیە، زۆر ڕوونیشە و لە رووی زانستیشەوە دانپێدانراوە کەزۆربەی زۆری نارەحەتییە جەستەییەکان پەیوەندیدارن بە نائارامی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤەوە و بە نەخۆشیە سایکۆسۆماتیکییەکان، یان نەخۆشییەکانی کارما ناسراون. ئەوانەی کە بە دەرمان چاک ناکرێنەوە و تەنها بە هاوسەنگکردنەوەی سەرچاوەکانی وزەی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤ دەکرێ چارەسەر بکرێن.

کەواتە:

- بۆ ئەوەی چیدی توندوتیژی نەبێتە خوو، نەچێتە کارماوە و تاوان بەرهەم نەهێنێ،
- بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانی وزەی ڕەشی ساڵانی پێشووی ژێردەسەڵاتی بەعس لە کارمای مرۆڤی کورددا بسڕینەوە،
- بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانی شەڕی گەرمی ناوخۆ، شەڕی ساردی ڕاگەیاندن و ڕق و کینەکانی ساڵانی زووی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە دەروونی مرۆڤی کورد دەربکرێت،
- بۆ ئەوەی کوشتن و ڕەشەکوژی ژنان کۆتایی پێ بهێنرێت،
- بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تازە دروست ببێت و وەرچەرخان لە بیرکردنەوەدا دروست بکرێت،

پێویستمان بە پاککردنەوەی کارمای گشتی مرۆڤی کورد هەیە، کە ئەمەش بە پرۆسەیەک دەکرێت و پێویستی بە میکانیزمی دەروونی هەیە کە هەر یەک لە مرۆڤەکان خۆیان دەتوانن ببن بە بەشێک لە چارەسەری بە مەرجێک ئامادەی ئەنجامدانی گۆڕان بن لە سیستەمی بیرکردنەوەی نێگەتیڤی خۆیاندا بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ، چونکە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی وزەی پۆزەتیڤ لە مرۆڤدا.

هەر یەک لە ئێمە خاوەنی کارمای تایبەت بە خۆمانین، بەڵام هەمووشمان پێکەوە وەکو گەل و نەتەوەش کارمایەکی هاوبەشمان هەیە. کارمای تایبەتی هەر یەکەمان بڕیاری چۆنێتی بەشێکی بچوکی ئەو کارما گشتییە دەدات، بۆیە زۆر گرنگە بتوانرێت بەشەکانی ئەو کارمایە بەتاڵ بکرێتەوە لە وزەی خراپ و تژی بکرێت لە وزەی باش، بەتاڵ بکرێتەوە لە وزەی ڕق و بێسۆزی و پڕ بکرێت لە وزەی خۆشەویستی و هاوسۆزی، ئەمەش ڕاستە بە پرۆسەیەک و زنجیرەیەک هەنگاوی یەک لە دوای یەک دەکرێت، بەڵام لە کاتیش گرنگتر بۆ ئەم مەبەستە ئیرادەی تاکەکان خۆیان و ئیرادەی سەرکردایەتی کوردە بۆ بنیاتنانەوەی مرۆیی و پاکژکردنەوەی کارماکان، چونکە بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە پسپۆری بوارەکانی وزە و ڕۆح و دەروون هەیە کە لێبکۆڵنەوە لە دۆخەکان و ڕێگەچارە دابنێن بۆ پاککردنەوەی کارمای هەر تاکێ لە پێناوی بنبڕکردنی هەستی توندوتیژی لای مرۆڤی ئێمە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێستا کە زانیمان یاسای یەکەمین و هەرە گرنگی سروشت و گەردوون یاسای خۆشەویستییە و سەرپێچیکردن لەو یاسایە خراپەکارییەکان و تاوانەکان و توندوتیژییە جۆراوجۆرەکانی لێدەکەوێتەوە، کەواتە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەهامەتییانە و بۆ گۆڕینی وزەی نێگەتیف بە هی پۆزەتیف ئەوەمان پێویستە کە پەیڕەوی یاسای خۆشەویستی بکەین. ئەوەی دەروونناسەکان و بیرمەندان و فەیلەسوفەکان و پێغەمبەرەکان و خوداش جەختیان لەسەر کردۆتەوە، تەنها ئەم یاسایەیە، ئەگەر پەیڕەوی بکرێت، مرۆڤ بەختەوەر دەکات، مرۆڤێکی بەختەوەریش ئەو کەسەیە کە کارمای پاکە.

ما ویە تی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.